# لەنگییە عەرووزیەکانی یەکێك لە چاپەکانی دیوانی مەلای جزیری
# لە ئاستی دەنگ و بڕگە و خاڵبەندی دا

د. یادگار ڕەسول حەمەدەمین
زانکۆی سۆران
فاکەڵتیی ئاداب
بەشی زمان و ئەدەبی کوردی

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (لەنگییە عەرووزیەکانی یەکێك لە چاپەکانی دیوانی مەلای جزیری لە ئاستی دەنگ و بڕگە و خاڵبەندی دا)، توێژینەوەیەکی پراکتیکییە و هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی هەموو ئەو لەنگی و لادانە ڕیتمییانەی، کە لە یەکێك لە چاپەکانی دیوانی شیعری مەلای جزیریدا هەن، لە هەریەك لە ئاستەکانی دەنگ و بڕگەو خاڵبەندیدا. هەروەها چارەسەرکردنی ئەو لەنگی و لادانە ڕیتمییانە بە پێوەر و یاساکانی عەرووز.

ئەو چاپەی کە بووەتە کەرەستەی خاوی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە چاپی (دیوانا مەلایێ جزیری، بەرهەڤکرن: تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، پێداچوون و لیێ زڤڕینا: ئیسماعیل تاها شاهین، چاپی دووەم، دەزگای سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٥). دیارە کۆمەڵە چاپێکی تری شیعرەکانی مەلای جزیری لە ئارا دا هەن و کەم تا زۆر سوود لەو چاپانەش وەرگیراوە، بەتایبەتیش لەدەستنیشانکردن و ڕاستکردنەوەی لەنگییەکاندا گەڕاوینەتەوە سەر چاپەکانی تر.

زۆر جار لەمیانەی ساغکردنەوەو بەچاپگەیاندنی شیعری شاعیرە کلاسیکییەکان، ڕەچاوی لایەنی موسیقاو عەرووزی ناکرێت. ئەمەش دەبیتە هۆی ئەوەی لەنگی و لادانی ڕیتمی لە شیعرەکان دروست ببێت. بە واتایەکی تر، ئەوە شاعیرەکان خۆیان نین کە شیعرەکانیان لەنگ بێت. بەڵکو ئەوانەی کە ساغی دەکەنەوەو بە چاپی دەگەیەنن، بەهۆی شارەزا نەبوونیان لە زانستی عەرووز، ناتوانن بەتەواوی لەسەر بنەمایەکی ڕاست شیعرەکان ساغ بکەنەوە. ئەمە بووە هۆکار کە بەپێوەری عەرووز بەیەکێك لەچاپەکانی شیعری مەلای جزیریدا بچینەوەو ئەم توێژینەوەیەی بۆ تەرخان بکەین.

توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت، لەبەشی یەکەمدا دەستنیشانی هەموو ئەو کێش و قاڵبەکێشانە کراوە، کە لە دووتوێی ئەم چاپەی شیعرەکانی مەلای جزیریدا بەکارهاتوون و لەکۆتاییشدا ژمارەو ڕاددەی بەکارهاتنی ئەو کێش و قاڵبەکێشانە لەخشتەیەکدا ڕوونکراونەتەوە. وەك لەخشتەکەشدا دەرکەوتووە کە کۆی ئەو شیعرانەی کاریان لەسەر کراوە، ژمارەیان (١٢٠) سەد و بیست پارچەشیعرە و هەر یەکێك لەشیعرەکان، هەروەك لە چاپەکە هاتووە، زنجیرە و کۆدی خۆیان هەیە.

لەبەشی دووەمیشدا، کە حەوت تەوەر لەخۆ دەگرێت، هەوڵدراوە سەرجەم ئەو لەنگی و لادانە ڕیتمییانە دەستنیشان بکرێن کە لەم چاپە دا هەن و هاوکات بە پێی یاساکانی عەرووز و هەندێجاریش بە بەراوردکردنیان لەگەڵ چاپەکانی تری شیعری مەلای جزیری، ئەو لەنگی و لادانانە چارەسەر کراون. لەنگییەکان لەهەریەك لە ئاستەکانی دەنگ و بڕگە و خاڵبەندی کاریان لەسەر کراوە. لەئاستی دەنگ و بڕگەدا، کۆی لەنگییەکان بەهۆی بوونی دەنگێك لەجێی دەنگێکی تر، یان سوان و زیادەی دەنگەوەن، کە ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی بڕگەیەکی کورت، درێژ ببیت. یان بە پێچەوانەوە

بڕگەیەکی درێژ، کورت ببێت. یانیش بوونەتە هۆی ئەوەی بڕگەیەك کەم یان زیاد بکات. لە ئاستی خاڵبەندیشدا، لەنگییەکان بەهۆی بەکارهاتنی چەند نیشانەیەکی خاڵبەندیەوەیە، کە پێمان وایە نابێت خاڵبەندی لەشیعری کلاسیکیدا بەکاربهێندرێت. چونکە نیشانەکانی خاڵبەندی دەبنە هۆی وەستاندنی ڕیتم و تێکدانی ئاوازی شیعرەکان، ئەویش بەهۆی وەزیفەی نیشانەکانی خاڵبەندی خۆیانەوە، کە هەنێکیان بۆ وەستان و پشووی هەناسەدان بەکار دێن. لەلایەکی تریشەوە بەبەراورد لەگەڵ شیعری کلاسیکی، هونەری خاڵبەندی شتێکی نوێیە و شاعیران خۆیان بەکاریان نەهێناوە. بۆیەشە ئەگەر خاڵبەندی بۆ نووسینێکی پەخشانی پێویست بێت و دەقەکان باشتر ڕێك بخاتەوە، ئەوە بۆ دەقی شیعری پێویست نییە و ڕیتمەکەی تێك دەدات.

**هێما و کورتکراوەکان:**

**ش = شیعر**

**چ = چوارین**

**د = دێر**

**ل = لەت (نیوەدێڕ)**

**∪ = بڕگەی کورت، – = بڕگەی درێژ**

**١: کێش و قاڵبەکێشەکانی شیعری مەلای جزیری**

**١–١: کێشی ڕەمەل، (٥٥) شیعر، (٩٤٨)دێڕ**

**١–١–١: کێشی ڕەمەلی هەشتیی مەحزووف (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)، هەریەك لەشیعرەکانی ژمارە (١٠٦،١٠٥،١٠٠،٩٩،٩١،٨٨،٨٥،٥٠،٣٦،١٨،١٦،١٤)، سەرجەم (١٢)شیعر:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| شاه ب قەسدا | کوشتنا من | ڕم هەژاند و | بوو سەبەب |
| دامە چەشمێ | قەهر و خەشمێ | ڕم ل دل دا | کوو ئەدەب |
| – ∪ – – | – ∪ – – | – ∪ – – | – ∪ – |
| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلن |

**١–١–٢: کێشی ڕەمەلی هەشتیی مەقسوور(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلات)، هەریەك لەشیعرەکانی ژمارە (٧٨،٧٤،٧٣،٤٥،٣٧،٣٤،٣١،١٥)، سەرجەم (٨)شیعر:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| من د دل کۆ | ڤان هەزارن | داغ و کەی پڕ | بێ حساب |
| میحنەتا وەر | دێن ب خارن | وێن د دل دا | سەد نوشاب |
| – ∪ – – | – ∪ – – | – ∪ – – | – ∪ –· |
| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلات |

**١–١–٣: کێشی ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف (فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)، هەریەك لەشیعرەکانی ژمارە (١١٢،١١١،١٠٩،٦٧،٦٥،٦٠،٥٢،٤٢،٢١)، سەرجەم (٩)شیعر:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| دلبەری من | سەحەری ها | ت ب تۆخ و | ب یەدەك |
| سەد یەدەك بوون | د بە ری تیـ | ـك ب سنجا | ب و وەشەك |
| – ∪ – – | ∪ ∪ – – | ∪ ∪ – – | ∪ ∪ – |
| فاعلاتن | فعلاتن | فعلاتن | فعلن |

**١–١–٤:کێشی ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەقسوور (فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلات)، هەریەك لەشیعرەکانی ژمارە (١٢،١١٧،٨١،٦٨،٦٣،٤٩،٤٧،٣٥،٢٦،٢٥)، سەرجەم (١٠)شیعر:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| شاهدێ جەلـ | وە نوما قود | سی یی فیروو | زە لیباس |
| هەر چ ڕەنگێ | تە نیشان دت | تو نیشانێ | خوە بناس |
| – – ᴗ – | – – ᴗ ᴗ | – – ᴗ ᴗ | – ᴗ ᴗ |
| فاعلاتن | فعلاتن | فعلاتن | فعلات |

**١-١-٥:کێشی ڕەمەلی هەشتیی مەخبوون (فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلاتن)، هەریەك لەشیعرەكانی ژمارە (١٣،٨٩،١١٦)، سەرجەم (٣)شیعر:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| قیبلەیا ئەهـ | لی دلان گەر | بكتن كەشـ | ـف جەمالێ |
| یا تەجەللا | كە ژ بەر تا | ج و پەڕان قەو | سی هیلالێ |
| – – ᴗ – | – – ᴗ ᴗ | – – ᴗ ᴗ | – – ᴗ ᴗ |
| فاعلاتن | فعلاتن | فعلاتن | فعلاتن |

**١-١-٦:کێشی ڕەمەلی هەشتیی تەواو (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن)، شیعری ژمارە(٩٠):**

| | | | |
|---|---|---|---|
| موحبەتێ میحـ | نەت د ژۆرن | حوب دبێم بێ | شك بەلایە |
| عومر و ژی خوەش | پێ د بۆرن | سۆتن و دەر | دو جەفایە |
| – – ᴗ – | – – ᴗ – | – – ᴗ – | – – ᴗ – |
| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلاتن |

**١-١-٧:کێشی ڕەمەلی هەشتیی مەشكوول (فعلاتُ فاعلاتن فعلاتُ فاعلاتن)، شیعری ژمارە(٧٩):**

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەنەمێ ژ | قەوسی ئەبروو | دو هیلالی | نەو نوماندن |
| دو كەمان ل | بورجی میزان | ب غەزەب ل | من كشاندن |
| ᴗ – ᴗ ᴗ | – – ᴗ – | ᴗ – ᴗ ᴗ | – – ᴗ – |
| فعلاتُ | فاعلاتن | فعلاتُ | فاعلاتن |

**١-١-٨:کێشی ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی ئەسلەم(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)،شیعری ژمارە(٧٢):**

| | | | |
|---|---|---|---|
| شەربەتا لا | م و بی یان ئەز | ب حەیاتێ | نادەم |
| بادەیا لەعـ | لی ب ئاڤا | زولوماتێ | نادەم |
| – – ᴗ – | – – ᴗ ᴗ | – – ᴗ ᴗ | – – |
| فاعلاتن | فعلاتن | فعلاتن | فع لن |

**١-١-٩: کێشی ڕەمەلی شەشیی مەحزووف(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)، هەریەك لەشیعرەكانی ژمارە (١١،٢٤،٥٩،٩٣)، سەرجەم (٤)شیعر:**

| | | |
|---|---|---|
| دل ژ من بر | دلبەرەك زیـ | با قەبا |
| چەهڤ غەزال و | پوڕ شەپال و | مەه لیقا |
| – – ᴗ – | – – ᴗ – | – ᴗ – |
| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلن |

**١-١-١٠: کێشی ڕەمەلی شەشیی مەخبوونی مەحزووف(فاعلاتن فعلاتن فعلن)، هەریەك لەشیعرەكانی ژمارە (٨،٥٥،١١٤)، سەرجەم (٣)شیعر:**

| | | |
|---|---|---|
| نازك و نەی | شەكەرین توحـ | ـفە دڤین |
| سووسنین نا | زك و تەروەنـ | ـدە دڤین |
| – – ᴗ – | – – ᴗ ᴗ | – ᴗ ᴗ |
| فاعلاتن | فعلاتن | فعلن |

**١-١-١١:کێشی ڕەمەلی شەشیی مەخبوونی مەقسوور(فاعلاتن فعلاتن فعلات)، هەریەك لەشیعرەكانی ژمارە (١٧،٨٣)، سەرجەم (٢)شیعر:**

| | | |
|---|---|---|
| نێرگزێن شەنـ | ـگ د مەستن | چەپ و ڕاست |
| ساقی یان جا | م د دەستن | چەپ و ڕاست |

| | | |
|---|---|---|
| −−∪− | −−∪∪ | ·−∪∪ |
| فاعلاتن | فعلاتن | فعلات |

**١-١-١٢: کێشی ڕەمەلی شەشیی مەخبوونی ئەسلەم (فاعلاتن فعلاتن فع لن)، شیعری ژمارە(١٠٤):**

| | | |
|---|---|---|
| یووسفێ سا | نی تو ئێرۆ | خانم |
| کو ب حوسنا | خوە نەدیری | سانی |
| −−∪− | −−∪∪ | −− |
| فاعلاتن | فعلاتن | فع لن |

**١-٢: کێشی هەزەج، (٢٩) شیعر، (٤٧١) دێر**

**١-٢-١:کێشی هەزەجی هەشتیی تەواو (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)، هەریەك لەشیعرەکانی ژمارە (٩٨،٩٦،٨٧،٤٠،٧،١،١١٥،١١٠،١٠٨،١٠٣)، سەرجەم (١٠)شیعر:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| نەوایا موتـ | ـریب و چەنگێ | فەغان ئاڤێ | ـتە خەرچەنگێ |
| وەرە ساقی | حەتا کەنگێ | نەشۆیین دل | ژ ڤێ ژەنگێ |
| −−−∪ | −−−∪ | −−−∪ | −−−∪ |
| مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلن |

**١-٢-٢:کێشی هەزەجی هەشتیی موسەببەغ (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان)،شیعری ژمارە(٧٧):**

| | | | |
|---|---|---|---|
| مەلا مەل گەر | دەنا دلبەر | ژ نوو سەد بوو | سە ماین دەین |
| مەجالی دێ | بخوازم ژێ | دبێ دەینێ | تە (فوق العین) |
| −−−∪ | −−−∪ | −−−∪ | ·−−−∪ |
| مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلان |

**١-٢-٣:کێشی هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف (مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)، هەریەك لەشیعرەکانی ژمارە (١١٣،١٠٢،١٠١،٩٥،٨٤،٨٠،٧٦،٤٣،٢٠،٢)، سەرجەم (١٠)شیعر:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| جانا ژ | جەمالا تە | موقەددەس قە | بەسم ئەز |
| گەر خووب و | پەریزادە | نەزەرکی تە | بەسم ئەز |
| ∪−− | ∪−−∪ | ∪−−∪ | −−∪ |
| مفعولُ | مفاعیلُ | مفاعیلُ | فعولن |

**١-٢-٤:کێشی هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور (مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ مفاعیل)، شیعری ژمارە(١٩):**

| | | | |
|---|---|---|---|
| قەلبێ مە | شوبی زێڕی | ژ فەیزا تە | جەلا گرت |
| ما ڕوو سـ | ـیەه و سفر | سیفەت ڕەنگی | سەفا گرت |
| ∪−− | ∪−−∪ | ∪−−∪ | ·−−∪ |
| مفعولُ | مفاعیلُ | مفاعیلُ | مفاعیل |

**١-٢-٥:کێشی هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی ئەبتەر (مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فع)، هەریەك لەشیعرەکانی ژمارە (١٢٢،١٢١،٤٤)، سەرجەم (٣)شیعر:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| مزگین ژ | مە ڕا بیت | ژ سور شیریـ | ـنی |
| جانی خوە | یی شیرین د | درم مزگیـ | ـنی |
| ∪−− | ∪−−∪ | ∪−−∪ | − |
| مفعولُ | مفاعیلُ | مفاعیلُ | فع |

**١-٢-٦:کێشی هەزەجی شەشیی ئەخرەبی مەقبووزی مەقسوور (مفعولُ مفاعلن مفاعیل)، هەریەك لەشیعرەکانی ژمارە (٣٢،٢٧)، سەرجەم (٢)شیعر:**

| | | |
|---|---|---|
| شمشادی | خەرام و سەر | وی غەنناج |

| | | |
|---|---|---|
| جانان د | برت ب عیشـ | ـوه تاراج |
| ∪ – – | – ∪ – ∪ | ·– – ∪ |
| مفعولُ | مفاعلن | مفاعیل |

**١-٢-٧:کێشی هەزەجی شەشیی مەحزووف(مفاعیلن مفاعیلن فعولن)، شیعری ژمارە(٦٦):**

| | | |
|---|---|---|
| تەعالەللا | زهی حوسنا | موبارەك |
| تەبارەك سەد | تەبارەك سەد | تەبارەك |
| – – – ∪ | – – – ∪ | – – ∪ |
| مفاعیلن | مفاعیلن | فعولن |

**١-٢-٨:کێشی هەزەجی شەشیی مەقسوور(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل)، شیعری ژمارە(٤٦):**

| | | |
|---|---|---|
| ژ ڕەعنا نێر | گزێن تەی مەسـ | ـت و خوونرێز |
| زەمان بوو عەهـ | ـدی جەنگ ئەنگیـ | ـزی جەنگیز |
| – – – ∪ | – – – ∪ | ·– – ∪ |
| مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیل |

**١-٣: کێشی ڕەجەز، (٢٧)شیعر، (٥١٠)دێڕ**

**١-٣-١:کێشی ڕەجەزی هەشتیی تەواو (مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن)،هەریەك لەشیعرەکانی ژمارە(١٢٠،١١٩،١١٨،٩٧،٩٤،٧١،٦٤،٦٢،٥٧،٥٦،٤١،٣٨،١٠،٩،٦،٥،٣)،سەرجەم(١٧)شیعر:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| چێن چێن کرن | زولفێن سیا | کەسك ئەتلەسا | دیبا قەبا |
| ئێدی نیشان | نابن خویا | تێکل کرن | لازم سەبا |
| – ∪ – – | – ∪ – – | – ∪ – – | – ∪ – – |
| مستفعلن | مستفعلن | مستفعلن | مستفعلن |

**١-٣-٢:کێشی ڕەجەزی هەشتیی موززال (مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلان)،هەریەك لەشیعرەکانی ژمارە(٨٦،٨٢،٥٣،٣٣،٢٩)،سەرجەم(٥)شیعر:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەی دل وەرە | وەقت و مەجال | دا بکین سەنا | یا هندییان |
| عەبدال ببین | ئەم لا ئوبال | دیسا ژ دەست | ڤان خەمرییان |
| – ∪ – – | – ∪ – – | – ∪ – – | ·– ∪ – – |
| مستفعلن | مستفعلن | مستفعلن | مستفعلان |

**١-٣-٣:کێشی ڕەجەزی هەشتیی مەتویی مەخبوون (مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلن)،هەریەك لەشیعرەکانی ژمارە(٥٨،٣٩)،سەرجەم(٢)شیعر:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاه ژ دەسـ | ـتی وی سوری | دل ژ مەیی | حەواله کر |
| هەر چ ل من | کری مەلا | جامی مەیا | دوساله کر |
| – ∪ ∪ – | – ∪ – ∪ | – ∪ ∪ – | – ∪ – ∪ |
| مفتعلن | مفاعلن | مفتعلن | مفاعلن |

**١-٣-٤:کێشی ڕەجەزی هەشتیی مەتویی مەخبوونی موززال (مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلان)،هەریەك لەشیعرەکانی ژمارە(٦١،٥٤)،سەرجەم(٢)شیعر:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەر د دتا | بی کەوسەرێ | زەمزەیی | سەمایی زولف |
| سایە نوما | یە خاوەری | سیدرەیی مونـ | ـتەهایی زولف |
| – ∪ ∪ – | – ∪ – ∪ | – ∪ ∪ – | ·– ∪ – ∪ |
| مفتعلن | مفاعلن | مفتعلن | مفاعلان |

**١-٣-٥:کێشی ڕەجەزی چواری مورەففەل (مستفعلاتن مستفعلاتن)،شیعری ژمارە(٢٣):**

| | |
|---|---|
| یەك بووسە بەخشی | ئەووەل ب ئیحسان |

| | |
|---|---|
| ئاخر ل من كر | جورم و غەرامەت |
| – – ∪ – – | – – ∪ – – |
| مستفعلاتن | مستفعلاتن |

**١–٤: کێشی بەسیت، (٣)شیعر، (٥٠) دێڕ**

**١–٤–١: کێشی بەسیتی هەشتیی مەتوی (مفتعلن فاعلن مفتعلن فاعلن)، هەریەك لە شیعرەکانی ژمارە (٤٤،٤٨،٧٠)، سەرجەم (٣)شیعر:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| موغبەچەییێن | مەی فرۆش | هەر سەحەرێ | تێن سەما |
| بادە خوەران | نووش نووش | مانە ل دۆ | رێ جەما |
| – ∪ ∪ – | – ∪ – | – ∪ ∪ – | – ∪ – |
| مفتعلن | فاعلن | مفتعلن | فاعلن |

**١–٥:کێشی سەریع، (٣)شیعر، (٣٤) دێڕ**

**١–٥–١:کێشی سەریعی شەشیی مەتویی مەوقووف (مفتعلن مفتعلن فاعلان)، هەریەك لە شیعرەکانی ژمارە (٦٩،٣٠،٢٨)، سەرجەم (٣)شیعر:**

| | | |
|---|---|---|
| دل ژ عیلا | جی کو بدەر | کت میزاج |
| دی ژ لەبی | نووش عەتا | بت عیلاج |
| – ∪ ∪ – | – ∪ ∪ – | ·– ∪ – |
| مفتعلن | مفتعلن | فاعلان |

**١–٦: کێشی موزاریع، (٢)شیعر، (٢٦) دێڕ**

**١–٦–١: کێشی موزاریعی هەشتیی ئەخرەب (مفعولُ فاعلاتن مفعولُ فاعلاتن))، هەریەك لە شیعرەکانی ژمارە (٥١،٢٢)، سەرجەم (٢)شیعر:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئیرۆ مە | لا سەراپا | لەو تێك | بوومە ئاتەش |
| من دی سە | حەر خەرامان | نەی شەککە | را شیرین مەش |
| ∪ – – | – – ∪ – | ∪ – – | – – ∪ – |
| مفعولُ | فاعلاتن | مفعولُ | فاعلاتن |

**١–٧:کێشی خەفیف، (١)شیعر، (١٦) دێڕ**

**١–٧–١:کێشی خەفیفی شەشیی مەخبوونی ئەسلەم(فاعلاتن/فعلاتن/مفاعلن فع لن)،شیعری ژمارە(٩٢):**

| | | |
|---|---|---|
| توورپەیا تا | بدار عەنـ | ـبەر کە |
| خەمرییێن شەنـ | ـگ مسك ئەز | فەر کە |
| – – ∪ – | – ∪ – ∪ | – – |
| فاعلاتن | مفاعلن | فع لن |

**ڕاددەی بەکارهاتنی کێش و قاڵبەکێشەکان لە شیعری جزیری**

| ز | کێش | | قاڵبەکێش | ژمارەی شیعر | ڕێژەکەی | ژمارەی دێڕ | ڕێژەکەی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕەمەل | | | ٥٥ | ٤٥,٨٣٪ | ٩٤٨ | ٤٦,١٣٪ |
| | | أ | هەشتیی مەحزووف | ١٢ | ١٠٪ | ٢٣٨ | ١١,٥٨٪ |
| | | ب | هەشتیی مەقسوور | ٨ | ٦,٦٧٪ | ١١١ | ٥,٤٪ |
| | | ج | هەشتیی مەخبوونی مەحزووف | ٩ | ٧,٥٪ | ١٢٤ | ٦,٠٣٪ |
| | | د | هەشتیی مەخبوونی مەقسوور | ١٠ | ٨,٣٣٪ | ١٣٢ | ٦,٤٢٪ |
| | | هـ | هەشتیی مەخبوون | ٣ | ٢,٥٪ | ٦٩ | ٣,٣٦٪ |
| | | و | هەشتیی تەواو | ١ | ٠,٨٣٪ | ٥٨ | ٢,٨٢٪ |
| | | ز | هەشتیی مەشکوول | ١ | ٠,٨٣٪ | ٦ | ٠,٢٩٪ |
| | | ح | هەشتیی مەخبوونی ئەسڵەم | ١ | ٠,٨٣٪ | ١١ | ٠,٥٤٪ |
| | | گ | شەشیی مەحزووف | ٤ | ٣,٣٣٪ | ٥٧ | ٢,٧٧٪ |
| | | ی | شەشیی مەخبوونی مەحزووف | ٣ | ٢,٥٪ | ٥٢ | ٢,٥٣٪ |
| | | ك | شەشیی مەخبوونی مەقسوور | ٢ | ١,٦٧٪ | ٣٧ | ١,٨٪ |
| | | ل | شەشیی مەخبوونی ئەسڵەم | ١ | ٠,٨٣٪ | ٥٣ | ٢,٥٨٪ |
| ٢ | هەزەج | | | ٢٩ | ٢٤,١٧٪ | ٤٧١ | ٢٢,٩٢٪ |
| | | أ | هەشتیی تەواو | ١٠ | ٨,٣٣٪ | ١٩٢ | ٩,٣٤٪ |
| | | ب | هەشتیی موسەببەغ | ١ | ٠,٨٣٪ | ٧ | ٠,٣٤٪ |
| | | ج | هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف | ١٠ | ٨,٣٣٪ | ١٤٢ | ٦,٩١٪ |
| | | د | هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور | ١ | ٠,٨٣٪ | ٢٧ | ١,٣١٪ |
| | | هـ | هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی ئەبتەر | ٣ | ٢,٥٪ | ٥٢ | ٢,٥٣٪ |
| | | و | شەشیی ئەخرەبی مەقبووزی مەقسوور | ٢ | ١,٦٧٪ | ٢٧ | ١,٣١٪ |
| | | ز | شەشیی مەحزووف | ١ | ٠,٨٣٪ | ١١ | ٠,٥٤٪ |
| | | ح | شەشیی مەقسوور | ١ | ٠,٨٣٪ | ١٣ | ٠,٦٣٪ |
| ٣ | ڕەجەز | | | ٢٧ | ٢٢,٥٪ | ٥١٠ | ٢٤,٨٢٪ |
| | | أ | هەشتیی تەواو | ١٧ | ١٤,١٧٪ | ٤٠١ | ١٩,٥١٪ |
| | | ب | هەشتیی موززال | ٥ | ٤,١٧٪ | ٦٩ | ٣,٣٦٪ |
| | | ج | هەشتیی مەتویی مەخبوون | ٢ | ١,٦٧٪ | ١٣ | ٠,٦٣٪ |
| | | د | هەشتیی مەتویی مەخبوونی موززال | ٢ | ١,٦٧٪ | ١٨ | ٠,٨٨٪ |
| | | هـ | چواری مورەففەل | ١ | ٠,٨٣٪ | ٩ | ٠,٤٤٪ |
| ٤ | بەسیت | | هەشتیی مەتوی | ٣ | ٢,٥٪ | ٥٠ | ٢,٤٣٪ |
| ٥ | سەریع | | شەشیی مەتویی مەوقووف | ٣ | ٢,٥٪ | ٣٤ | ١,٦٥٪ |
| ٦ | موزاریع | | هەشتیی ئەخرەب | ٢ | ١,٦٧٪ | ٢٦ | ١,٢٧٪ |
| ٧ | خەفیف | | شەشیی مەخبوونی ئەسلەم | ١ | ٠,٨٣٪ | ١٦ | ٠,٧٨٪ |
| کۆ | ٧ | | ٢٩ | ١٢٠ | ١٠٠٪ | ٢٠٥٥ | ١٠٠٪ |

**٢: لەنگییەکان لە ئاستی دەنگ و بڕگە و خاڵبەندیدا،** (٨٦٠) حاڵەت

**٢-١:بوونی دەنگێك لە جێی دەنگێکی تر،کە بە هۆیەوە بڕگەییەکی کورت درێژ بووە،** (٧٢٢)حاڵەت:

**٢-١-١:** (وو ← و )، (٣٧) حاڵەت:

- بەلکوو← بەلکو، ش١٥، د٢٦، ل٢:

خێری هەفتێ حەج ددێرت بەلکوو بهتەر ئەو سەواب

بڕگەی ٢ لە پێی ٧ (فاعلاتن) دەبێت کورت بێت.

ش٢٦، د٦، ل١:

بەلکوو دیوار بگوهن لێ ب خودێ کی ب خودێ

بڕگەی ٢ لە پێی ١ (فاعلاتن) دەبێت کورت بێت.

ش٩٠، د٤٨، ل٢:

زوهرەیەك بوو ئەو ل تەختێ بەلکوو بێم شەمسوززوحایە

بڕگەی ٢ لە پێی ٧ (فاعلاتن) دەبێت کورت بێت.

ش١٠٠، د١، ل١:

هێ د بەر (قالوا بلی) یێ بەلکوو ئەڤ عالەم نەبوو

بڕگەی ٢ لە پێی ٣ (فاعلاتن) دەبێت کورت بێت.

ش١١١، د٥، ل١:

بەلکوو دلبەر ژ ڕوویی عادلی و مەرحەمەتی

بڕگەی ٢ لە پێی ١ (فاعلاتن) دەبێت کورت بێت.

- **بوو← بو،** ش١٩، د٥، ل٢:

هەر چی تە بوویی رام دتۆرا خوە هوما گرت

بڕگەی ١ لە پێی ٦ (مفاعیلُ) دەبێت کورت بێت.

ش٣٦، د٧، ل٢:

ژ ڕووی کەیفە کو ئەڤ ئاڤە بوویی شوبهی زەبەد

بڕگەی ٢ لە پێی ٧ (فعلاتن) دەبێت کورت بێت.

ش٨١، د٣، ل١:

دامە سەد جامی فیراقێ ژ خوە غائب نەبوویین

بڕگەی ٢ لە پێی ٤ (فعلان) دەبێت کورت بێت.

ش٨١، د٨، ل١:

ژ (انا الحق) ب لەبێن لەعل خەبەردار بوویین

بڕگەی ٢ لە پێی ٤ (فعلان) دەبێت کورت بێت.

ش٨١، د٩، ل١:

مونسەریف ما دبوویین ئەم ب دو سەد جارێ مەلێ

بڕگەی ٢ لە پێی ٢ (فعلاتن) دەبێت کورت بێت.

ش٨٣، د٥، ل١:

بێ تو (باڵله) نەبووین یەك نەفەسەك

بڕگەی ٢ لە پێی ٢ (فعلاتن) دەبێت کورت بێت.

ش٩٠، د١٨، ل١:

هودهودێ وێ ڕەمز و ڕازێ با بوو ئەو چوو گوفت و سازێ

بڕگەی ٢ لە پێی ٣ (فاعلاتن) دەبێت کورت بێت.

ش٩٥، د٧، ل٢:

جەننەت بوو موزەییەن خەملین حوور و پەرینە

بڕگەی ٣ لە پێی ٥ (مفعولُ) دەبێت کورت بێت.

ش٩٥، د١٠، ل١:

گاڤا کو تو هاتی بوویە ڕۆناهی ل هەر جا

بڕگەی ٤ لە پێی ٢ (مفاعیلُ) دەبێت کورت بێت.

ش٩٩، د٧، ل١:

داخلی مەجلس بوویی ئیشەڤ نشانی لەو کو خەف

بڕگەی ٢ لە پێی ٢ (فاعلاتن) دەبێت کورت بێت.

ش١٠٠، د١١، ل٢:

ئی بوویی مەحوی فەنایی عاشقی بێ چارە بوو

بڕگەی ٢ لە پێی ٥ (فاعلاتن) دەبێت کورت بێت.

ش١١٢، د٧، ل١:

نە بووینە و نە دبن وەك تە شەپالی د جەهان

بڕگەی ٢ لە پێی ١ (فعلاتن) دەبێت کورت بێت.

ش١١٣، د٧، ل١:

عشقا مە ژ بەر مەوج و عەجاجی بوویە دەریا

بڕگەی ٤ لە پێی ٣ (مفاعیلُ) دەبێت کورت بێت.

ش١١٤، د٣٦، ل١:

کو بووین دائرە شوبهەت هالان

بڕگەی ٢ لە پێی ١ (فعلاتن) دەبێت کورت بێت.

ش١١٤، د٥٨، ل٢:

کو چ موورادا تە بووین پیت و پەڕەنگ

بڕگەی ٢ لە پێی ٥ (فعلاتن) دەبێت کورت بێت.

ش١١٦، د٣٠، ل١:

ئەم بووین پێت و پەڕەنگ لەو ژ ویسالێ مە حەزەر کر

بڕگەی ٢ لە پێی ١ (فاعلاتن) دەبێت کورت بێت.

ش١١٧، د٢٣، ل١:

چ تەجەللایە بوویی قبلە مەلەك ڕوو ددنێ

بڕگەی ٢ لە پێی ٢ (فعلاتن) دەبێت کورت بێت.

ش١١٨، د٢، ل٢:

ئەسوەد بوو دائم سەجدە بەر من بەستی عەقدا نییەتێ

بڕگەی ٣ لە پێی ٥ (مستفعلن) دەبێت کورت بێت.

ش١٢٣، چ١، د٢، ل٢:

ماوەر بوو ژ وان زولفی د زەنگی وەشها

بڕگەی ٣ لە پێی ٥ (مفعولُ) دەبێت کورت بێت.

ش١٢٣، چ٦، د١، ل١:

خالا تەیە مشکین کو بوویە نوقتەیی نوونان

بڕگەی ١ لە پێی ٣ (مفاعیلُ) دەبێت کورت بێت.

ش١٢٣، چ٦، د١، ل٢:

وەك ئیسم و تەلیسمان بوویە تەعویزی عویوونان

بڕگەی ٤ لە پێی ٦ (مفاعیلُ) دەبێت کورت بێت.

- **چوو← چو** ، ش٣٥، د١، ل٢:

کو ل سلسل ب سەما تێت و ل سەر دەستی چوو بەرخ

بڕگەی ٢ لە پێی ٨ (فعلان) دەبێت کورت بێت.

- **ئەبروو← ئەبرو** ، ش٤٣، د٥، ل١:

من گۆ مەهی نەو چاشنییی ئەبروویی یارێ

بڕگەی ٤ لە پێی ٣ (مفاعیلُ) دەبێت کورت بێت.

- **ڕوو← ڕو**، ش٥٦، د٤، ل١:

ب شاهی ب هەڤڕا هەمنەشین ڕەنگ و ڕوویێ هەڤ مە نەدین

بڕگەی ٣ لە پێی ٣ (مستفعلن) دەبێت کورت بێت.

ش١١١، د٥، ل١:

بەلکو دلبەرژ ڕوویی عادلی و مەرحەمەتی

بڕگەی ٢ لە پێی ٢ (فعلاتن) دەبێت کورت بێت.

- **گووش← گوش** ، ش٦٨، د١٢، ل١:

سەف ب سەف تورك و موغول دو گووش و هندی د کەمین

بڕگەی ٢ لە پێی ٣ (فعلاتن) دەبێت کورت بێت.

- **داروو← دارو**، ش٦٩، د٦، ل١:

داروویی دەردێ مە تویی جانێ من

بڕگەی ٢ لە پێی ١ (مفتعلن) دەبێت کورت بێت.

ش٩٠، د٣٤، ل٢:

داروویی قەلبێ مەلێ بوو لەو ب چەهڤێن دل جەلایە

بڕگەی ٢ لە پێی ٥ (فاعلاتن) دەبێت کورت بێت.

ش٩١، د٣٠، ل٢:

داروویی دەرد و برینان من تەلەب دینا تەیە

بڕگەی ٢ لە پێی ٥ (فاعلاتن) دەبێت کورت بێت.

- **وەکوو← وەکو** ، ش١٠١، د١٧، ل١:

من گۆ ل ڕوخانێن نە کو کەج ڕەو وەکوو فەرزین

بڕگەی ١ لە پێی ٤ (فعولن) دەبێت کورت بێت.

- **نوو←نو** ، ش١٠٤، د١٧، ل٢:

ژ نوو ئاگر تە ل داغان دانی

بڕگەی ٢ لە پێی ٤ (فعلاتن) دەبێت کورت بێت.

- **هندوو← هندو** ، ش١١٣، د٧، ل٢:

دێ زیر و زەبەر کت مە ب دەست هندوو غورابی

بڕگەی ٤ لە پێی ٧ (مفاعیلُ) دەبێت کورت بێت.

**٢-١-٢: (ا← ە )، (٦) حاڵەت:**

- **جاما ← جامە** ، ش٤، د٨، ل١:

دامە ب دەستێ سوڕێ جاما ژ ڕەنگێ دوڕێ

بڕگەی ٢ لە پێی ٣ (مفتعلن) دەبێت کورت بێت.

- **تەجەللایا ← تەجەللایە** ، ش٣٦، د٦، ل٢:

ژ میسالی سەنەمی وەها کو تەجەللایا سەمەد

بڕگەی ١ لە پێی ٨ (فعلن) دەبێت کورت بێت.

- **پەیدا ←پەیدە** ، ش٣٦، د١٤، ل١:

گوفت و گۆیێ مەعریفەت چەندی مەلا پەیدا بکی

بڕگەی ١ لە پێی ٤ (فعلن) دەبێت کورت بێت.

- **ما ←مە** ، ش٥٢، د٩، ل١:

غالبا ئەهلی زەمانێ ما مەلا ئادەمیین

بڕگەی ١ لە پێی ٣ (فعلاتن) دەبێت کورت بێت.

- **دەعوا ←دەعوە** ، ش٥٤، د٧، ل١:

ئەز کو د دەعوا عاشقی کفشە دکت زەبان دەرەو

بڕگەی ١ لە پێی ٢ (مفاعلن) دەبێت کورت بێت.

- **شەهلایا←شەهلایە** ، ش٩٣، د١٠، ل١:

نێرگزا نازك قەدا شەهلایا مەست

بڕگەی ٢ لە پێی ٣ (فعلان) دەبێت کورت بێت.

**٢-١-٣: ( ا ← ی)، (٢) حاڵەت:**

- **حوسنا ← حوسنی** ، ش٤٩، د٢، ل٢:

عشقی مەحموود د مەعنا ئەمەکێ حوسنا ئەیاس

بڕگەی ١ لە پێی ٨ (فعلان) دەبێت کورت بێت.

- **زولفا ← زولفی** ، ش٦٨، د٨، ل٢:

ژ سەرێ زولفا پەریشان و ژ بسکا تەیە شەنگ

بڕگەی ١ لە پێی ٦ (فعلاتن) دەبێت کورت بێت.

**٢-١-٤: (ێ ← ی)، (٦٦٤) حاڵەت*:**

نموونە: زێڕێ ← زێڕی، ش١٩، د١، ل١:

قەلبێ مە شوبی زێڕێ ژ فەیزا تە جەلا گرت

بڕگەی ٤ لە پێی ٢ (مفاعیلُ) دەبێت کورت بێت.

**٢-١-٥: (ۆ ← و)، (١٣) حاڵەت**:**

نموونە: بشکۆ ← بشکو، ش١٦، د٧، ل١:

بشکۆوێن بەندا گریبانێ ژ ڕەنگێ کەوکەبان

بڕگەی ٢ لە پێی ١ (فاعلاتن) دەبێت کورت بێت.

٢-٢: **بوونی دەنگێك لە جێی دەنگێکی تر، کە بە هۆیەوە بڕگەییێکی درێژ کورت بووە،** (٤)حاڵەت:

**٢-٢-١: (بزرۆکە ← ی) ، (٣) حاڵەت:**

- **نشان ← نیشان،** ش٥١، د١٤، ل١:

برهێن ژ دەستی قودرەت نشانە کر نشانی

بڕگەی ١ لە پێی ٣ (مفعولُ) دەبێت درێژ بێت.

ش٥٩، د٥، ل١:

وەك نشانی نەقش و نشانەك تە دی

بڕگەی ٣ لە پێی ٢ (فاعلاتن) دەبێت درێژ بێت.

- **شرین ← شیرین** ، ش١٢٢، د١، ل١:

مزگین ژ مەڕا بیت ژ سوڕ شرینی

بڕگەی ٣ لە پێی ٣ (مفاعیلُ) دەبێت درێژ بێت.

**٢-٢-٢: (ە ← ن) ، (١) حاڵەت**، بڕەشینە ← بڕەشینن ، ش١١٣، د٣، ل٢:

تایین د عیسابی بڕەشینە ب گولابی*

*، ** : بۆ هەر حاڵەتێك لەم دوو حاڵەتەی سەرەوەدا، تەنها نموونەیەکی شیعریمان هێناوەتەوە. لەلایەك لەبەر زۆریی حاڵەتەکان ناکرێت ئاماژە بە هەموویان بکرێت، لەلایەکی تریشەوە دوای تێبینی کردن لەچاپەکانی تری شیرەکانی مەلای جزیری و تەنانەت توێژینەوەمان بۆ شاعیرانی تریش، بۆمان دەرکەوتووە ، کە شاعیران هەندێ جار وەکو بڕگەیەکی کورت مامەڵەیان لەگەڵ دەنگەکانی (ێ، ۆ) کردووە. پێم وایە ئەمە بۆ خۆی بابەتی توێژینەوەیەکی ترە و دەشێت لەڕێی تاقیگەی زمانەوە توێژینەوەیەك ئەنجام بدرێت بۆ سەلماندنی ئەوەی کە تا چەند دەشێت هەریەك لەو دوو دەنگانە هەندێجار وەکو دەنگی کورت مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. لەبەر یەکلایی نەبوونەوەی ئەو بابەتە، لەم توێژینەوەیەدا ئێمە وەکو دوو دەنگی بزوێنی درێژ مامەڵەمان لەگەڵ دەنگی (ێ، ۆ) کردووە.

بڕگەی ٣ لە پێی ٧ (مفاعیلُ) دەبێت درێژ بێت.

٢-٣: **سوانی دەنگێك، كە بە هۆیەوە بڕگەیەكی درێژ، كورت بووە،** (٨) حاڵەت:

**٢-٣-١: سوانی (ط):**

- خەط و ← خەطط و، ش٣٨، د٩، ل١:

حوسنا مونەززەه بێ میسال سەردا لیباسێ خەط و خاڵ

بڕگەی ٢ لە پێی ٤ (مستفعلن) دەبێت درێژ بێت.

ش١١٨، د٥، ل٢:

خاسا تە دایی ئەڤ جەمال دێمێ ژ عەنبەر خەط و خال

بڕگەی ٢ لە پێی ٨ (مستفعلن) دەبێت درێژ بێت.

- لەطیفە ← لەططیفە، ش٥١، د١٢، ل٢:

لەطیفە زوهرە سیما ئەبروو هیلال و مەهوەش

بڕگەی ١ لە پێی ٥ (مفعولُ) دەبێت درێژ بێت.

**٢-٣-٢: سوانی (م)،** شەمس← شەممس ، ش٣٣، د١٠، ل١:

شەمس ب شەمس جام ب جام حەتتا دكن دەورێ تەمام

بڕگەی ١ و ٤ لە پێی ١ (مستفعلن) دەبێت درێژ بن.

**٢-٣-٣: سوانی (و)** ، بشكو و ← بشكو وو ، ش٣٩، د٥، ل١:

دوور كرین ژ سونبولان چیچەك و بشكو و گولان

بڕگەی ٢ لە پێی ٤ (مفاعلن) دەبێت درێژ بێت.

**٢-٣-٤: سوانی (ت)** ، فەتلین ← فەتتلین ، ش١١٨، د٩، ل٢:

تاتا ب داڤ داڤ فەتلین چین چین ب مەستی سلسلین

بڕگەی ٢ لە پێی ٦ (مستفعلن) دەبێت درێژ بێت.

**٢-٣-٥: سوانی (ز)،** قزلین ← قززلین ، ش١١٨، د١٢، ل١:

مەجرووحی تیرێن قزلین ڕەحمێ كە پوڕ سۆتی دلین

بڕگەی ٢ لە پێی ٢ (مستفعلن) دەبێت درێژ بێت.

٢-٤: **سوانی دەنگێك، كە بەهۆیەوە بڕگەیەك كەم بۆتەوە،** (١١) حاڵەت:

**٢-٤-١: سوانی (و):**

- ڕەوشەنتر ← ڕەوشەنترو ، ش٣١، د٨، ل١:

بەر ژ جان دەرراكەیەك ڕەوشەنتر والا دڤێت

بڕگەی ٢ لە پێی٣ (فاعلاتن) سواوە، كە بڕگەیەكی كورتە

- خەلوەو ← خەلوەوو ، ش٣٢، د٩، ل٢:

* لە چاپی (سادق بەهائەدین ئامێدی) ش (بڕەشینن) هاتووە. سەرچاوە: دیوانا مەلایێ جزیری، سادق بەهائەدین ئامێدی، چاپا ئێكێ، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٧، ل٤١٣.

ئەللاھ کو چ خەلوە و چ سەبیاح

بڕگەی ٣ لە پێی٥ (مفاعلن) سواوە، کە بڕگەیەکی کورتە

- عیدەو ← عیدەوو ، ش٣٧، د١، ل١:

عیدەو هەر کەس ژ دیدارا تە لێ پیرۆزە عید

بڕگەی ٢ لە پێی١ (فاعلاتن) سواوە، کە بڕگەیەکی کورتە

ش٤٥، د١٦، ل١:

عیدەو میرێ مە ئیرۆ دەرگەهێ لوتفێ ڤەکر

بڕگەی ٢ لە پێی٥ (فاعلاتن) سواوە، کە بڕگەیەکی کورتە

- مەلاو ← مەلاوو ، ش٣٧، د١٤، ل٢:

ڤێ موعەممایێ چ زانن سەد مەلاو موستەعید

بڕگەی ٤ لە پێی٧ (فاعلاتن) سواوە، کە بڕگەیەکی درێژە

- و ← وو ، ش٣٨، د٣، ل١:

سەد پادشاه و خوسرەوان جان دان ژ عیشقێ و ڕەوان

بڕگەی ٢ لە پێی٤ (مستفعلان) سواوە، کە بڕگەیەکی درێژە

- حوور ← حوورو ، ش٥٠، د٦، ل٢:

من ژ وان حوورشرستان ئەو پەری ڕوخسار بەس

بڕگەی ١ لە پێی٦ (فاعلاتن) سواوە، کە بڕگەیەکی درێژە

- گرشمەو ← گرشمەوو ، ش٥٣، د٥، ل١:

گرشمەو ڕازا بەری عارف ڤەنابن لێ دەری

بڕگەی ٣ لە پێی١ (مفاعلن) سواوە، کە بڕگەیەکی کورتە

**٢-٤-٢: سوانی (ی):**

- حوور ← حووری ، ش٩٧، د٢، ل١:

حوور وەشە شیرین مەشە کاکول ڕەشە خال حەبەشە

بڕگەی ٢ لە پێی١ (مستفعلن) سواوە، کە بڕگەیەکی درێژە

- نابت ← نابیت ، ش١٢١، د١، ل٢:

نابت د شوغلا مە بکی تەئخیرێ

بڕگەی ٣ لە پێی٥ (مفعولُ) سواوە، کە بڕگەیەکی کورتە

**٢-٤-٣: سوانی (ێ)**، نقاب ← نقابێ، ش٨٩، د٤، ل١:

دەستی جبریل هلاڤێت ژ بەژنا تە نقاب

بڕگەی ٤ لە پێی٤ (فعلاتن) سواوە، کە بڕگەیەکی درێژە

٢-٥: **زیادەی دەنگێك، کە بەهۆیەوە بڕگەیەکی کورت درێژ بووە**، (٢٢) حاڵەت:

**٢-٥-١: زیادەی (ك)**، شەککەر ← شەکەر:

ش٥٤، د٤، ل١:

نەی شەککەرێن شرین زەبان مەستی ب جام و بادە تێن

بڕگەی ٢ لە پێی ١ (مفتعلن) دەبێت کورت بێت.

ش١١١، د٢، ل١:

عەرعەرا قامەت ئەلف نەی شەککەرا شۆخ و شەپال

بڕگەی ١ لە پێی ٣ (فعلاتن) دەبێت کورت بێت.

ش١٢٣، چ١٣، د١، ل٢:

قەد نەی شەککەری عیشوە پەری ماهی تەناهی

بڕگەی ٣ لە پێی ٥ (مفعولُ) دەبێت کورت بێت.

**٢-٥-٢: زیادەی (و):**

- پەردەو حیجاب ← پەردە حیجاب، ش١٢، د١، ل٢:

ب جەمالا جەبەرووتی مە نەمان پەردەو حیجاب

بڕگەی ١ لە پێی ٨ (فعلان) دەبێت کورت بێت.

- تەزەروو و ← تەزەروو، ش٢٧، د٢، ل٢:

بێ دەنگ تەزەروو و لالە دوڕڕاج

بڕگەی ٣ لە پێی ٥ (مفاعلن) دەبێت کورت بێت.

- شوکور ← شوکر، ش٣٩، د٦، ل٢:

شوکور خودێ کو قولزومەك من ژ خوە ڕا قەبالە کر

بڕگەی ٢ لە پێی ٥ (مفتعلن) دەبێت کورت بێت.

**٢-٥-٣: زیادەی (ی):**

- تەی ← تە، ش٨٩، د٢٤، ل١:

مە ژ بسکێن تەی گرهدار ژ بەختێ خوە گرینە

بڕگەی ١ لە پێی ٢ (فعلاتن) دەبێت کورت بێت.

- بسەیرین ← بسەرین، ش١١٤، د٣٠، ل١:

دەمەکی دا بسەیرین سەد سالان

بڕگەی ٢ لە پێی ٢ (فعلاتن) دەبێت کورت بێت.

**٢-٥-٤: زیادەی (ت):**

- خەجالەت ← خەجالە، ش٢٧، د٨، ل٢:

سیماب ژ خەجالەت ما ژ ئخراج

بڕگەی ٣ لە پێی ٥ (مفاعلن) دەبێت کورت بێت.

- فتتلین ← فتلین، ش١١٧، د٣٨، ل٢:

مەست د نێڤ تۆر و لەفان مار ل سەلوی فەتتلین

بڕگەی ١ لە پێی ٨ (فعلان) دەبێت کورت بێت.

**٢-٥-٥: زیادەی (ﻫ)**، وەﻫ ← وە:

ش٦٥، د١٠، ل١:

چ فەساحەت ب مەلاحەت وەﻫ ددیری تو مەلا

بڕگەی ١ لە پێی ٣ (فعلاتن) دەبێت کورت بێت.

ش١١٧، د٥، ل١:

زاهری دا مە عەزابەك وەﻫ کو باتن ڤە بهشت

بڕگەی ١ لە پێی ٣ (فعلاتن) دەبێت کورت بێت.

**٢-٥-٦: زیادەی (ب)**، شوببباك ← شوباك، ش١٠، د٣٦، ل٢:

دێ خوە ژ شوبباك و پەنجەران زاهر بکن د هەر دیدە دا

بڕگەی ٣ لە پێی ٥ (مستفعلن) دەبێت کورت بێت.

**٢-٥-٧: زیادەی (ن)** ، بن ← ب، ش٥٥، د٥، ل١:

گەر نە ب ئسمێ تە موعەمما بن حورووف

بڕگەی ١ لە پێی ٣ (فعلان) دەبێت کورت بێت.

**٢-٥-٨: زیادەی (ق)** ، نەققشاند ← نەقشاند، ش٥٨، د٢، ل٢:

ئەرزەن و دێم و جەبهەتێ پێ نەققشاند و کر نوقەت

بڕگەی ٢ لە پێی ٧ (مفتعلن) دەبێت کورت بێت.

**٢-٥-٩: زیادەی (ئـ)** ، د ئستوائێ ← د ستوائێ، ش٦٧، د١١، ل١:

د ئستوائێ کو ژ حوسنا تە ڤەدا لامعەکێ

بڕگەی ٢ لە پێی ١ (فاعلاتن) دەبێت کورت بێت.

**٢-٥-١٠: زیادەی (ل)** ، ئەلللاه ← ئەلاه، ش٨٦، د١١، ل١:

ئەحمەد مەبە جەور و جەفا تو تەرك مەکە ئەمرێ ئەلللاه

بڕگەی ٣ لە پێی ٤ (مستفعلن) دەبێت کورت بێت.

**٢-٥-١١: زیادەی (ر)** ، سررا ← سرا، ش١١٤، د٧٤، ل١:

(احسن الله) ژ سررا سوبحانی

بڕگەی ٢ لە پێی ٢ (فعلاتن) دەبێت کورت بێت.

**٢-٥-١٢: زیادەی (ص)** ، وەصصلین ← وەصلین، ش١١٧، د٣٥، ل١:

یا دری سەر بدرین یا ب مورادی وەصصلین

بڕگەی ١ لە پێی ٤ (فعلان) دەبێت کورت بێت.

**٢-٥-١٣: زیادەی (ط)** ، بەططلین ← بەطلین، ش١١٧، د٣٧، ل٢:

کو د شەرقی مەﻫ و خورشید ژ شەوقی بەططلین

بڕگەی ١ لە پێی ٨ (فعلان) دەبێت کورت بێت.

**٢-٥-١٤: زیادەی (م)** ، کەمملین ← کەملین، ش١١٧، د٣٩، ل١:

سورمەدارین ژ سوری مەستی ژ قودرەت کەمملین

بڕگەی ١ لە پێی ٤ (فعلان) دەبێت کورت بێت.

**٢-٥-١٥: زیادەی (ج)** ، خەججلین ← خەجلین، ش١١٧، د٣٩، ل٢:

مە ژ غەفلەت دو ژها دین و ژ سەهمی خەججلین

بڕگەی ١ لە پێی ٨ (فعلان) دەبێت کورت بێت.

٢-٦: **زیادەی دەنگێك، کە بەهۆیەوە بڕگەیەك زیاد بووە**، (١١) حاڵەت:

**٢-٦-١: زیادەی (ی):**

- جارەکی ← جارەك، ش٢٦، د٩، ل١:

تو حودووسێ وە مەبین قەنج نەزەر دێ جارەکێ

بڕگەیەك لە کۆتایی پێی ٤ (فع لن) زیادە

- نشانی ← نشان، ش٩٢، د١٦، ل١:

خەت و خالان نشانی نشانی دە

بڕگەیەك لە ناوەڕاستی پێی ٣ (فع لن) زیادە

- نەدی یە ← نەدیە، ش١٠١، د١، ل١:

کەس نەدی یە سەحەر گەهـ کو  چ نازك وەرەسی تو

بڕگەیەك لە ناوەڕاستی پێی ١ (مفعولُ) زیادە

**٢-٦-٢: زیادەی (د):**

- حەل دکت ← حەل کت، ش٢٦، د١١، ل١:

ئاتەشێ عیشقی شوبی زێڕە وجودێ حەل دکت

بڕگەیەك لە ناوەڕاستی پێی ٤ (فع لن) زیادە

- د حەبس و ← حەبس و، ش٨٨، د١، ل٢:

د حەبس و زیندانێ ئەسیر و گرتییی دەرماندەیە

بڕگەیەك لە سەرەتای پێی ٥ (فاعلاتن) زیادە

**٢-٦-٣: زیادەی (ە):**

- وەرە ← وەر، ش٥١، د٧، ل٢:

من عومری نووح نینە وەرە ساقی وو ب لەز خوەش

بڕگەیەك لە ناوەڕاستی پێی ٧ (مفعولُ) زیادە

- چوونە ← چوون، ش٦١، د٣، ل٢:

خەمری و زولف چوونە سەما یەك ب یەك ئەو ل بایی زولف

بڕگەیەك لە ناوەڕاستی پێی ٦ (مفاعلن) زیادە

**٢-٦-٤: زیادەی (و)**، هات و وەخت ← هات وەخت، ش٥، د١١، ل١:

ئیرۆ مەجال لێ هات و وەخت دیسا جوان بوو من درەخت

بڕگەیەك لە ناوەڕاستی پێی ٢ (مستفعلن) زیادە

**٢-٦-٥: زیادەی (ب)**، ببت ← بت، ش٢١، د٣، ل١:

فاعلەك لازمە دا فعل و ئەسەر پەیدا ببت

بڕگەیەك لە ناوەڕاستی پێی ٤ (فع لن) زیادە

**٢-٦-٦: زیادەی (ڤ)**، ژ قەوسیٚ ← قەوسیٚ، ش٨٢، د٨، ل٢:

ژ قەوسیٚ هلالی ژە تونە حەیرانی دێمیٚ مەهوەشین

بڕگەیەك لە سەرەتای پێی ٥ (مستفعلن) زیادە

**٢-٦-٧: زیادەی (یٚ)**، خاکیٚ ← خاك، ش١٠٤، د١٤، ل١:

مە تەمەننا ژ نەسیم خاکیٚ ڕەهی کر

بڕگەیەك لە کۆتایی پێی ٢ (فعلاتن) زیادە

٢-٧: **لەنگییەکان لە ئاستی خاڵبەندیدا**، (٨٢) حاڵەت

**٢-٧-١: نیشانەی دووخاڵ بەسەریەکەوە (:)، (٤٤)حاڵەت:**

نموونە، ش٦، د١، ل٢:

دلبەر شکێنا شەککەرەك (فقلت: یا روحي متی؟)

گۆ من: حەتا خاتر هەبت من گۆ: چ کم ئەز با هەتا؟

لە پێیەکانی(٥، ٧)،(مستفعلن) بووە بە(مستفـ: علن)،هەروەها لە پێی(٣)،(مفاعلن) بووە بە(مفاع:لن)

**٢-٧-٢: نیشانەی فاریزە (،)، (٢٤) حاڵەت:**

نموونە، ش٧٦، د١٢، ل٢، لە پێی(٦)، (مفاعیلُ) بووە بە (مفا، عیلُ):

گەه شاه و گەدا، گەه ب خوە مەحموود و ئەیازن

**٢-٧-٣: نیشانەی پرسیار (؟)، (١٠) حاڵەت:**

نموونە، ش٤٥، د١٤، ل١، لە پێی(٢)، (فاعلاتن) بووە بە (فاعلا؟تن):

دل ب کیٚ دم ئەز ژ وان؟ هەر یەك ب غەنجان دل دبن

**٢-٧-٤: نیشانەی سەرسوڕمان (!)، (٤) حاڵەت:**

نموونە، ش٤٣، د٩، ل١، لە پێی(١)، (مفعولُ) بووە بە (مفعو! لُ):

گەر وەه! تە دڤێتن ببڕی سەر بکە فەرمان

**ڕێژەی لەنگییەکان لە ئاستی دەنگ و بڕگەو خاڵبەندیدا**

| حاڵەت | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بوونی دەنگێك لە جێی دەنگێکی تر، کە بە هۆیەوە بڕگەیێکی کورت درێژ بووە | ٧٢٢ | ٪٨٣,٩٥ |
| بوونی دەنگێك لە جێی دەنگێکی تر، کە بە هۆیەوە بڕگەیێکی درێژ کورت بووە | ٤ | ٪٠,٤٧ |
| سوانی دەنگێك، کە بە هۆیەوە بڕگەیەکی درێژ کورت بووە | ٨ | ٪٠,٩٣ |
| سوانی دەنگێك، کە بەهۆیەوە بڕگەیەك کەم بۆتەوە | ١١ | ٪١,٢٨ |
| زیادەی دەنگێك، کە بەهۆیەوە بڕگەیەکی کورت درێژ بووە | ٢٢ | ٪٢,٥٦ |
| زیادەی دەنگێك، کە بەهۆیەوە بڕگەیەك زیاد بووە | ١١ | ٪١,٢٨ |
| لەنگییەکان لە ئاستی خاڵبەندیدا | ٨٢ | ٪٩,٥٣ |
| سەرجەم | ٨٦٠ | ٪١٠٠ |

## ئه نجامەکان

- مەلای جزیری بەپێی ئەو چاپە شیعرییەی توێژینەوەمان لەسەری کردووە، لەکۆی (١٦) کێشی عەرووزی، تەنها (٧) کێشی بەکارهێناوە، کە بریتین لە (ڕەمەل، هەزەج، ڕەجەز، بەسیت، سەریع، موزاریع، خەفیف). لە ناو ئەو کێشانەشدا، (٢٩) قاڵبەکێشی جۆراوجۆری بەکارهێناوە.
- کێشی ڕەمەل، بەڕاددەی ٤٥,٨٣٪ لەسەر ئاستی شیعرەکان و ٤٦,١٣٪ لەسەر ئاستی دێڕەشیعرەکان، لە هەموو کێشەکانی تر زیاتر بەکارهاتووە. پاشان کێشی هەزەج، بەڕاددەی ٢٤,١٧٪ بۆ ژمارەی شیعرەکان و ٢٢,٩٢٪ بۆ دێڕەکان. دواتریش کێشی ڕەجەز ٢٢,٥٪ بۆ شیعرەکان و ٢٤,٨٢٪ بۆ دێرەکان. دواتریش کێشەکانی بەسیت، سەریع، موزاریع و خەفیف، بە ڕاددەی ٧,٥٪ بۆ شیعرەکان و ٦,١٣٪ بۆ دێڕەکان.
- لەکۆی شیعرەکانی ئەو چاپەی توێژینەوەی لەبارەیەوە کراو، (٨٦٠) حاڵەتی لەنگی لەئاستی دەنگ و بڕگە و خاڵبەندی دەستنیشانکراون و بەپێوەری عەرووز چارەسەر کراون. لەوانە (٧٢٢) حاڵەت، کە دەکاتە ڕاددەی ٨٣,٩٥٪ بەهۆی بوونی دەنگێك لە جێی دەنگێکی ترەوە بووە، کە بە هۆیەوە بڕگەیێکی کورت، درێژ بووە. هەروەها (٨٢) حاڵەت، کە دەکاتە ٩,٥٤٪ بەهۆی خاڵبەندیەوە بووە. (٥٦) حاڵەتیش، کە دەکاتە ڕاددەی ٦,٥١٪ بە هۆکاری ترەوە بووە، وەکو سوان و زیادە و بوونی دەنگێك لە جێی دەنگێکی ترەوە بووە، کە بوونەتە هۆی درێژکردنی بڕگەی کورت، یان کورتکردنی بڕگەی درێژ، یانیش کەمکردن و زیادکردنی بڕگە.

## سەرچاوەکان


**بەکوردی:**

١- تەحسین ئیبراهیم دۆسکی (بەرهەڤکرن)، دیوانا مەلایێ جزیری، پێداچوون و لێ زڤرینا: ئیسماعیل تاها شاهین، چاپا دووێ، دەزگەها سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٥

٢- صادق بهاءالدین ئامێدی(توێژاندن)، دیوانا مەلایێ جزیری، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧

٣- عارف زێرەڤان(ترانسکریپسیۆن)، مەلایێ جزیری دیوان، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧

٤- عەزیز گەردی، ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی دێکان، سلێمانی، ٢٠٠٣

**بەعەرەبی:**

٥- احمد بن الملا محمد الزفنگی، العقد الجوهري في شرح ديوان الشيخ الجزري، الجزء الاول و الجزء الثاني، الطبعة الثانية، ١٩٨٧ م

**بەفارسی:**

٦- شفیع صادقی(شرح و ترجمه)، دیوان عارف ربانی شیخ احمد جزیری معروف به (مەلای جزیری)، مؤسسه انتشاراتی حسینی اصل، ارومیه، ١٣٨٩

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی(لەنگییە عەرووزیەکانی یەکێك لە چاپەکانی دیوانی مەلای جزیری لە ئاستی دەنگ و بڕگە و خاڵبەندی دا)، توێژینەوەیەکی پراکتیکییە و هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی هەموو ئەو لەنگی و لادانە ڕیتمییانەی، کە لە یەکێك لە چاپەکانی دیوانی شیعری مەلای جزیریدا هەن، لە هەریەك لە ئاستەکانی دەنگ و بڕگەو خاڵبەندیدا. هەروەها چارەسەرکردنی ئەو لەنگی و لادانە ڕیتمییانە بە پێوەر و یاساکانی عەرووز.

توێژینەوەکە، بێجگە لە پێشەکی، لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت، لەبەشی یەکەمدا دەستنیشانی هەموو ئەو کێش و قاڵبەکێشانە کراوە، کە لە دووتوێی ئەم چاپەی شیعرەکانی مەلای جزیریدا بەکارهاتوون و لەکۆتاییشدا ژمارەو ڕاددەی بەکارهاتنی ئەو کێش و قاڵبەکێشانە لەخشتەیەکدا ڕوونکراونەتەوە.

لەبەشی دووەمیشدا، کە حەوت تەوەر لەخۆ دەگرێت، هەوڵدراوە سەرجەم ئەو لەنگی و لادانە ڕیتمییانە دەستنیشان بکرێن کە لەم چاپە دا هەن و هاوکات بە پێی یاساکانی عەرووز و هەندێجاریش بە بەراوردکردنیان لەگەڵ چاپەکانی تری شیعری مەلای جزیری، ئەو لەنگی و لادانانە چارەسەر کراون.

لەکۆتاییشدا، چەند ئەنجامێکی تایبەت بە توێژینەوەکە دەرخراون.



## الملخّص

إنَّ هذا البحث الموسوم بـ( الخلل العروضية الواردة في إحدى طبعات ديوان الملا الجزيري من حيث المستوى الصوتي والمقطع و الترقيم) دراسة تطبيقية ومحاولة لتحديد حالات الخلل العروضي والخروج عن الإيقاع ومعالجتها وفق المعايير والقوانين العروضية.

يتكوّن البحث من مقدّمة ومبحثَيْن رئيسَيْنِ وخاتمة، وقد تمّ في المبحث الأول تحديد البحور وقوالب الأوزان المستعملة من قبل الملا الجزيري بين دفّتَي هذه الطبعة لأشعاره، وأوضح جدول وضِعَ في نهاية المبحث أعدادَ هذه البحور وقوالب الأوزان المستعملة ونِسَبَ استعمالها.

وحاولنا في القسم الثاني الذي ضمَّ سبعة محاور تحديد ما فيها من حالات الخلل العروضي والخروج عن الإيقاع في الطبعة المدروسة من أشعار الجزيري، مع معالجتها حسْب قوانين العروض حيناً، ومقارنتها بطبعات أخرى حيناً آخر، ثم جاءت الخاتمة لتعرض فيها أهم نتائج البحث.